سامانی ولاّت. مولّکی هاولاّتیانە پێویستە دادپەروەرانە دابەشبکرێت..

لە دروشمەکانی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

یەکگرتو.. شانزە ساڵ داهێنان و تێکۆشان

مافناس/ نەوشیروان ئەحمەد رەسوڵ

شانزە ساڵ بەر لە ئێستا لە بارودۆخێکی دژوار و نائارام لەڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە، لەم هەرێمەدا یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان رۆژی (١٩٩٤/٢/٦) کرد بە جەژنی ڕاگەیاندن و ناساندنی خۆی، تاوەکو بەشداری هەمەلایەنە و کاریگەر بکات لە سارێژکردنی برینەکان و ڕەواندنەوەی خەمەکانی هاوڵاتیان، ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و شارۆچکەکان، سرینەوەی فرمێسکی هەتیوان، شادکردنی هەژاران و بێنەوایان، هەر لەبەر ئەمەشە کە مێژووی شانزە ساڵی یەکگرتوو لێوانلێوە لە داهێنان و داستان و سەروەری مەزن لە هەموو بوارەکانی ئاینی، نیشتمانی و نەتەوەیی، ئاوەدانی و مرۆڤدۆستی، ئەو رۆژەی یەکگرتوو وەك پێداویستییەکی گۆڕەپانەکە خۆی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ناساند، چەمکەکانی برایەتی و پێکەوەژیان، ئاشتی و ئاسایش و متمانە لەنێوان سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان لە ئاستێکی زۆر خراپدا بوو، پاشان خەباتی مەدەنی و شارستانی بە گۆڕەپانی سیاسی و بارودۆخی هەرێمی کوردستان نامۆ بوو، پرۆژەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری بە ئەندازەیەك فەرامۆش کرابوو منداڵانی شەهیدان و هەژاران لەیاد کرابوون، گوندەکان و ئاوەدانکرنەوەیان پشتگوێ خرابوون، چەخماخەی شەڕی براکوژی و زمانی توندوتیژی و دەنگەکانی بە تەکفیرکردنی کۆمەڵگا و تاکەکان، دروشمەکانی گەڕانەوەبۆ تاکڕەوی و پاوەخوازی لە هەرە سیما دیار و بەرچاوەکانی ئەو کاتەی گۆڕەپانی رامیاری هەرێمی کوردستان بوو، بۆیە یەکگرتوو مافی خۆیەتی ئەمڕۆ لە هەموو کەس و لایەنێك زیاتر شانازی بکات بە لاپەڕە سپی و پڕ لە داهێنان و داستان و خزمەتگوزارییەکانی خۆی، لە هەموو بوار و ڕەهەندە جیاجیاکانی رامیاری، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ئاکار و بانگخوازی دا، چونکە ئەو دروشم و فەرهەنگ و چەمکانەی یەکگرتوو بانگەشەی بۆ دەکرد دەیچڕاند بەگوێی هەموو لایەکدا، لەلای نەیارن و دۆستان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بە مەحاڵ و خەیاڵیان لەقەڵەم ئەدا، بەڵام خۆشبەختانە هێدی هێدی ئەو چەمك و دروشمانە بوونە بارودۆخیکی بەرجەستەکراو، سنورەکانی دنیای خەیاڵی تێپەڕاند، ئێستا لە دنیای راستەقینە و واقیعدا هەستی پێدەکرێ، هەر لە یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەیی و وەزارەتەکان و هاتنەئارای پەرلەمانێکی کارای فرە ڕەنگ و دەنگ، تا ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی کوردستان، هەناردەکردنی نەوتی خۆماڵی، بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی خەڵکی کوردستان، ئەو پێشکەوتنە بەرچاوانەی لە سەرجەم رووەکانی ئابوری و خزمەتگوزاری، جێگربوونی ڕەوشی سیاسی و بەرەو دامەزراوەکردنی پایەکانی حوکڕانی لە هەرێمی کوردستان، تا بەشداری گرنگ و کارا لە دروستکردنەوە و بەڕێوەبردنی دەوڵەتی نوێی عێراق، سەلمێنەری زیندوێتی کارنامە و ئەجیندا و وێنا ستراتیژ و گەشەکانی یەکگرتوو بوو، ئێستاش بەکورتی تیشك دەخەینە سەر چەند لایەن و بنەمایەك یەکگرتوو لە ماوەی (١٦) ساڵی تەمەنی خۆیدا بەردەوام کاری لەسەر کردووە، بەڵام دەشێت تائێستا ئەو ڕۆڵ و سەروەریانە وەك پێوست لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ناوەندە ڕۆشنبیری و رامیارییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خوێندنەوەی پێوستی بۆ نەکرابێت بەم شێوەیە.

١ - بنەمای ئاینی:

یەکگرتوو لە بوار و مەیدانی ئاینپەروەریدا خزمەتێکی بێوێنەی پێشکەش بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کردوە، هەر لە یەکەم چرکەساتی خۆ ناساندنیدا کاری کردووە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی مەدەنیانە و میانڕەوانە ئاین پەیڕەو بکات، دوور لە هەموو تێگەشتنێکی هەڵە و دەمارگیری، پاشان دوورخستنەوەی ئاین لە ململانێی نارەوا و نەخوازراوی نێوان لایەنە ناکۆك و دژ بەیەکەکاندا، دیارە ئەم گرنگیدانەش لەو ڕووانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئاین پەیوەستە بە هەموو لایەنەکانی ژیانی تاکەکان و، جوڵێنەر و داینەموی ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریە، واتە (هی هەمووانە و بۆ هەمووانە) دیارە هەموو کۆمەڵگا و نەتەوەیەك سیستمێکی ئیمانی و بیروباوەڕی تایبەت بەخۆی هەیە، چەندە ئەو سیستمە عەقیدە ئیمانییە تەندروست و جوان هەزم بکرێت ئەوەندە ڕەنگدانەوە و کاریگەرێتی دەبێت لەسەر ئاکار و دید و هەڵوێستی تاکەکان، هەر لەو ڕووانگەیەوە یەکگرتوو کۆمەڵێك ئەندامی پەروەردە کرد کە تێڕوانینی هەمەلایەنە و میانڕەوانەی بۆ ژیان و کۆمەڵگە و مرۆڤەکان هەبێت، تا مانا جوانەکانی ئاین لە (برایەتی، خۆشەویستی، یەکریزی و پێکەوەژیان، گفتوگۆ و ئاشتەوای، خزمەتگوزاری و ئاوەدانی، دڵنیایی و ئاسودەیی) بۆ تاکەکان فەراهەم بکات، بۆیە دەتوانین بڵێین بنەمای ئاین بەگشتی پێکهێنەرێکی گرنگی پایەکانی کۆمەڵگا شارستانیتیەکانە لەگەڵ پایەکانی تری مرۆڤو ئاکار و یاسا و ڕێساکان، چونکە مەحاڵە وێنای بوونی کۆمەڵگایەکی شارستانیی پێشکەوتوو بکرێت بەبێ بوونی ئەو فاکتەر و رەگەزانە.

٢ - بنەمای مرۆڤسازی:

گومان لەوەدا نییە کە مرۆڤ پێگەیەکی تری پێکهێنانی شارستانیتیەکان بووە، ئەندازەی کاملبوون و پێشکەوتنی شارستانیتییەکان، گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان، پەیوەستە بە ئاستی وشیار و ڕۆشنبیری و ژیری و هەڵوێست و ئاکارەکانی تاکەکان، هەر لەبەر ئەم فاکتەرانە بوو یەکگرتوو ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکرد، لە ماوەی (١٦) ساڵی قۆناغی مێژووی خۆ ئاشکراکردنیدا توانی دەیان هەزار تاکی هۆشیار و بەئەزموون و فیکر و زانستخواز بە دید و هەڵوێست بۆ کۆمەڵگا و خاك و نەتەوەکەی پەروەردە و ئامادە بکات. (١٦) ساڵە بێ بەرامبەر و منەت خزمەتی میللەتەکەی خۆی ئەکات، مرۆڤێك کە هەرگیز خیانەت و ستەم لە خاك و خەڵکی خۆی نازانێت، دەستی بە خوێنی رۆڵەکانی سوور نەبووە، تائێستا نەبووەتە مایەی کێشە بۆ دەزگاکانی ئیداری و قەزایی لە هە رێمدا، هەموو کاتێك بەرژەوەندی گشتی خاك و خەڵکی لەبەرچاو گرتووە، سامان و داریی و ئاسایشی هاوڵاتیان و گەلەکەی وەك بیلبیلەی چاوانی پاراستووە.

٣ - بنەمای ژیانسازی:

ئەگەر بە دیدی ویژدانانە و بەرپرسیارانە بڕوانین لە کاروان و خەباتی (١٦)ساڵی رابردووی یەکگرتوو، دەردەکەوێت کە یەکگرتوو خزمەتێکی بێوێنە و بەرچاوی لەم ڕووەوە پێشکەش بە کۆمەڵگای کوردی کردووە، چونکە لەو ساتەوەختەدا مانا جوانەکانی ژیان بە تەواوی شێوێنرا بوو، کوردستان ڕەنگی خوێن و بۆنی باروتی گرتبوو، دوکەڵی ناسۆری سوتانی ڕۆڵەکانی ئاسمانی تەنیبوو، لولەی تفەنگ و دەنگی گولە و کێشمەکێشمی دەسەڵات و سامان و جەنگی خوێناوی براکوژی هیوا و ئاواتەکانی ژیانەوە و بوژانەوەی لە فەرهەنگ و بیر و هەست و هۆشی هەموو لایەکدا لەیاد کردبوو زمانی زبری رۆژنامە و دەزگاکانی راگەیاندن هەموو لایەکی نیگەران و بێئومێد کردبوو، بەڵام یەکگرتوو چرای خەباتی مەدەنی و شارستانی هەڵکرد، دوور لە سوپا و جەنگ بە گوتار و ئاکاری جوانکاری سیاسی و خەباتی رامیاری دەست پێکرد، دروشمەکانی تەبایی پێکەوەژیان و ئاشتەوای و زمانی گفتوگۆ و ئارامی و ئاسایشی ڕاگەیاند، بۆ هەموو لایەك و دەروبەری سەلماند، کە چەك و هێز تەنها چارەسەر نییە، بەڵکو هێز لە برایەتی و ئازادی و ئاشتی و خزمەت و سەروەری یاسادایە، هەر ئەو چەمکانەیە دەتوانێت مانای راستەقینە بە بوونمان و ژیانمان ببەخشێت، زەردەخەنە و شادی بگەڕێنێتەوە بۆ نێو ماڵ و سەر دڵ و دەروونی ئەم میللەتە بەشمەینەتە، لەم پێناوەشدا بێلایەنی خۆی لەنێوان سەرجەم لایەنە ناکۆك و بەشەڕهاتووەکان راگەیاند، بە درێژایی چەندان ساڵ لە هەوڵی ئاشتەوایی و گەیاندنی لایەنە ناکۆکەکاندا ماندونەناسانە خزمەتی کرد، بەمەش داری هیوا و پەیامی ئاشتی و خۆشەویستی لەم هەرێمەدا بوژاندەوە.

٤ - بنەمای خزمەتگوزاری:

دیارە بەهۆی ئابڵوقەی ئابوری سەر عێراق لە لایەن (UN) و ئابڵوقەی رژێمی ڕووخاوی پێشوو لەسەر هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین (١٩٩٠ ــ ١٩٩٦)، تا رووخانی رژێم لە بەهاری (٢٠٠٣)ــدا، کوردستانی خۆمان لەڕووی ئابوریەوە بە بارودۆخێکی زۆر خراپدا گوزەری دەکرد، سەرباری مەینەتیەکانی شەڕی ناوخۆش لەو کاتەدا یەکگرتوو لە سۆنگەی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی ئیمانی و ئاکاری و نیشتمانی و نەتەوەیی بە پێی بەرنامەیەکی ژیرانە و شارستانیانە توانی خزمەتێکی بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و شوێنە جیاجیاکانی ئەم هەرێمە بکات، دوور لە جیاوازی دید و بۆچوون و ئایدۆلۆژیا و بیری حیزبیانە، لەڕووی ئابوری و تەندروستی و ئاوەدانکردنەوە و پرۆژەی ئاو و دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانەی گەڕۆك بۆ گوندەکان، جێگێر بۆ شارەکان، هەروەها لەئامێز گرتنی ژمارەیەکی بەرچاو و زۆری منداڵانی بێنازی کوردستان لە رێگای چەند دەزگایەکی خێرخوازانەی خزمەتگوزارەوە کە بۆ هەتاهەتایە ئاسە وارو جێگە دەستیان لە بیر و هۆشی ئەم گەلە بەوەفایەدا دەمێنێتەوە، بەڕاستی ئەو خزمەتانەی لەو رۆژەدا پێشکەش کرا بە خاك و خەڵکی ئەم هەرێمە، هیچی کەمتر نییە لەو خزمەتانەی کە ئەمڕۆ پێشکەش دەکرێت، بە بەراود لەگەڵ ئەو زەمەن و بودجە و سامانەی کە ئێستا لەبەردەست دایە! دوور لە داواکردنی تەزکیەی حیزبی و خوێندنەوەی ئینتیمای سیاسی و ناوچەگەری کە تائێستاش کۆمەڵگەی کوردی بەم گرفتانەوە دەناڵێنێت.

٥ - دیارە ئامادەگی و بوونی یەکگرتوو لە کایەکانی تری سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ هەموو لایەك ڕوون و ئاشکرایە، کە هەوڵ دەدەم زۆر بەکورتی ئاماژەیان پێ بکەم، وەك:

١ - ناساندنی ئێش و ئازار و مەینەتیەکانی گەلی کورد بە جیهانی عەرەبی و ئیسلام.

٢ - رۆڵی یەکگرتوو لە رووی سیاسی و بەشداری کاریگەری لە هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم و عێراق، بەتایبەتیش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و پارێزگاکان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.

٣ - رۆڵی یەکگرتوو لەڕووی راگەیاندن و دەزگا جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و جیهانی دەروە.

٤ - رۆڵی یەکگرتوو لە ڕووی کاری رێکخراوەیی و بوارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەشداری پێکردنی ئافرەت لە کاری سیاسی و ئامادەبوونیان لە کەناڵە گرنگەکانی بڕیارو دامودەزگا یاساییەکان.

٥ - چەسپاندنی مافە رەواکانی میللەتەکەمان لە دەستور و بابەتەکانی فیدراڵی و سەرەوەت و سامانە نیشتمانییەکاندا.

٦ - هەوڵ و کۆششەکانی لەڕووی بەرقرار بوونی یاسا و بەیاسایی کردنی ئەزموونی حوکمڕانی کوردیدا، هەروەها چەسپاندنی پایەکانی دیموکراسی و دەستاو دەست کردنی ئاشتیانەی دسەڵات.

٧ - پاراستنی ئارامی و ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

٨ - نەبوونی پەیوەندی ژێربەژێر و نارۆشن لەگەڵ هیچ دەوڵەت و، لایەنێك چ لەسەر ئاستی دەرەکی یا ناوخۆیی.

٩ - دەیان و سەدان سەروەری و دەسکەوتی دیکە کە لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سەرجەم ناوەند و هێز و لایەنە نێوخۆیی و هەرێمی و جیهانییەکان ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام لێرەدا بوار نییە ئاماژەیان پێ بدەین.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم سەروەریانە دەبێت یەکگرتوو هەروەك چۆن بەرنامە و ئامانج و پرۆژە و وێنای دروستی هەبوو لە رابردوودا، پێویستە بە هەمان شێوە بۆ ئەم سات و قۆناغە نوێیەی هەرێم و عێراق، پرۆژە و بەرنامەی نوێ دابهێنێت، پێداچوونەوە بە بەرنامەی کار و ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژ و باڵاکانی ئایندەدا بکاتەوە، چونکە لەم قۆناغەدا سەرجەم هاوکێشەکان و کایەکانی خەباتی سیاسی و شێوازی ململانێکان و هێزە سیاسییەکان، تێڕوانینی جەماوەر و داخوازی و پێداویستییەکانیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی و ئازادی تاکەکان و مافەکانی مرۆڤ و بەرەو سەقامگیربوون دەچێت رۆژبەرۆژ بەدامەزراوە کردنی کاروبارەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی یاسایی باڵاتر دەبێت. کایەکانی بەڕێوەبردن و ئابووری، بازرگانی، پیشەسازی فراوانتر دەبێت، کرانەوەی نێودەوڵەتی بەڕووی کوردستان و عێراقدا زیاتر دەبێت، ئەمانەش رۆڵ و کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئایندە و دواڕۆژی سیاسی و جەماوەری یەکگرتوو بە هەموو بوار و ئاستەکانەوە، بە پێچەوانەوە زەمەن و بارودۆخەکە و گۆڕانکارییەکان و هاوکێشە نوێیەکان جێگۆڕکێ بە قورسایی و سەنگ و رۆڵی هێزە سیاسییەکان دەکات بەبێ جیاوازی، لە نێویشیاندا یەکگرتوو وەك هێزێکی سەرەکی ئەمڕۆی گۆڕەپانەکە، هەروەها دەبێت تاکەکان و رۆڵەکانی ئەم میللەتەش باش بزانن کە یەکگرتوو چاوەڕوانی متمانە و نمرە و رێژەی باشتر دەخوازێت لێیان لە پرۆسەی (٧)ی ئازاردا، تا بەردەوامی بدات بە کۆشش و سەروەری و داستانەکانی، باشتر خزمەت و کارگوزارییەکانی پێشکەش بکات و هیوا و خواستەکانتان و سەرجەم مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بەرجەستە بکات.

گرنگی لە چۆنیەتی دایە نەك لە چەندێتی

دکتۆر بورهان ئەحمەد باڵەکی*



لە رۆژگاری ئەمڕۆدا گرنگی هەڵسەنگاندنی کار و کەرەستەکان لە رووی جۆریەوەیە، کە پێی دەڵێن کوالیتی Quality، بۆ ئەم مەبەستەش لە بواری کاڵا و پێویستیەکان و تەنانەت لە بواری زانست و زانیاری و کەسەکانیش، بەم پێیە هەوڵ دەدرێت ناوەڕۆك و پێکهاتەی کار و کەرەستەکان لە ئاستێکی باش دابێ و شتە بێ سودەکان وەلا دەندرێن، بەم پرۆسەیەش دەوترێت کۆنترۆڵی جۆری (Quality control). هەرچی بواری چەندێتیە ئەوا بەشێوەیەکی کراوە ماوەتەوە و دەچێتە خانەی کێبرکێ و ململانێ. لەم پێشەکیەوە دەچمە ناو بواری هەڵبژاردنی ئەم خولەی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقەوە سەیری رابردووش دەکەین دەبینین ئەو راستییەی سەرەومان باشتر بۆ روون دەبێتەوە کاتێك کە تەنها پێنج لە ئەندام پەرلەمانەکانی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان چ جۆرە خزمەت و چالاکییەکیان ئەنجامدا بە بەراورد بە ئەندام پەرلەمانەکانی تری ئەنجوومەنی نوێنەرای عێراق، ئەم شۆڕەسوارە دلێرانە چۆن توانیان بەم شێوەیە داکۆکی لە مافە چارەنوسسازەکانی گەلی کورد بکەن؟ کە هەرچەندە ژمارەیان لەڕووی چەندێتییەوە لە پەنجەکانی یەك دەست تێپەڕی نەدەکرد. ئەم نوێنەرانە سەلماندیان لە رووی چۆنیەتی پلەی تەواویان وەرگرتووە و حیزب کاتێك دەستنیشانی ئەوانی کردووە بەوپەڕی لێزانین و وردکاریەوە تەماشای کردوون و پێوەرەکانی تری وەك خزمایەتی و شتی تری بەتەواوی پشتگوێ خستووە. بۆ ئەم جارەی هەڵبژاردن یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان بوێرانەتر هاتۆتە مەیدان و کاندیدەکانی ئەم لیستە بەشێوەی هەڵبژاردنی ناوەخۆ دەستنیشان کراون، کە هەنگاوێکی زۆر گرنگە لە کوردستان و عێراق جێگای خۆیەتی گشت لایەنەکان لە داهاتوودا چاوی لێ بکەن، تاوەکو تەواوی کاندیدەکان لە رووی خزمەتکردن بەخۆیان و دۆست و لایەنگر و خەڵکی کوردستان دەستنیشان بکرێن.

یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان پۆلێك لە رۆڵەی شارەزا و زانستی و ئەکادیمی و لێزانی ئەم کوردستانە شیرینەی لەژێر لیستی ژمارە (٣١٥) ئامادە کردوە، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان متمانەیان پێبدەن و بیانکەن بە دەمڕاست و دەست پاك و کارزانی خۆیان لە بەغدا.

خەڵکی سەربڵندی کوردستان ئێوە بڵێن لەو کەسانە زیاتر کێ شایستەی ئەوەن ئێوە لە جیات خۆتان بۆ کارێکی ئاوەها گرنگ بەڕێیان بکەن بۆ کاروانێك کە تەواوی ژیان و ماڵ و مۆڵك و منداڵ و خزم و عەشیرەت و ولاتتانی بدەنە دەستیان.

کاندیدەکانی لیستی (٣١٥) کەسانێکن کە داکۆکی لەو یاسایانە دەکەن کە ئێوە دەنگتان لە سەری داوە، بەڵام مەخابن لە جاڵخانەکان لەژێری خواروی هەموو شتێك داندراوە و ناتوانن بیخەنە سەر مێزی کارکردن نەوەك ئێوەی شایستە دەستتان بگاتە مافەکانی خۆتان و ئاغای ماڵی خۆتان بن و چیتر نۆکەریی کەس قبوڵ نەکەن..

دەسا ئەی کوڕە مەردەکانی رۆژانی سەخت، ئەی دلێرەکانی شەوە تاریکەکان، ئەمڕۆ شۆڕشی دەستو ر و جێبەجێکردنی یاسا و ماف وەرگرتنە، بۆ ئەم مەبەستەش کەسی شیاو و شارەزا هەڵبژێرە نەك حوتی زەمانە..

* کاندیدی لیستی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان ژمارە (٣١٥)، لە شاری هەولێر ژمارە (٥).